بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
ژمارە (٢٤٨) لە ٢٠٢٤/٣/٢٧

پشتبەست بە حوكمەكانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە كۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٢٨) لە ٢٠٢٤/٣/٢٧، ئەنجومەنی وەزیران بە كۆی دەنگ بڕیاری دا بە:

١. لێخۆشبوون لە سزای سەرپێچیی هاتووچۆ لەسەر هاووڵاتییان بە ڕێژەی (٢٠٪) لەسەدا بیستی سزاكانی كۆن و بەردەوام لە دوای دەرچوونی ئەم بڕیارە تا ڕۆژی ٢٠٢٤/٩/٣٠.

٢. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەكان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەكەن لە ڕۆژی گشتاندنی بڕیارەكە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ.

٣. ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی كوردستان) بڵاو دەكرێتەوە.

مەسرور بارزانی

سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران